# خوای گەورە دەیخوڵقێنێت هەموو دروستکارێک وئەوەی دروستی دەکات

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە دەیخوڵقێنێت هەموو دروستکارێک وئەوەی دروستی دەکات».

[صەحیحە] [ئیبنو ئەبی عاسم گێراویەتیەوە - ئیبنو مەندە لە کتێبی تەوحیدا گێراویەتیەوە - بوخاری گێراویەتیەوە لە دروستکردنی کردەوەکانی بەندەکان]

خوای گەورە دەیخوڵقێنێت هەموو دروستکارێک وئەوەی دروستی دەکات وئەنجامی دەدات لە کردەوەکان، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کردەوەکانی بەندەکان دروستکراوە، خوای گەورە بوونەوەر وکردەوەکانیانی خوڵقاندووە، ئیبن تەیمیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (هەر دروستکراوێک -مەخلوقێک- لە ئاسمان وزەویدا؛ خوای گەورە دروستی کردووە، هیچ خوڵقێنەرێک -خالقێک- نییە جگە لە ئەو زاتە وهیچ پەروەردگارێک نییە جگە لە ئەو زاتە، وفەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵیکردنی وگوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەرانی ونەهی کردووە لە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی، خوای گەورە تەقواداارانی خۆشدەوێت، وچاکەکارانی خۆشدەوێت، ودادپەروەرانی خۆشدەوێت، وڕازی دەبێت لەوانەی ئیمانیان هێناوە وکردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، وکافر وموشریکەکانی خۆش ناوێت، ولە کەسە فاسق وتاوانبارەکان ڕازی نابێت، وخوای گەورە فەرمان ناکات بە خراپەکاری وڕازی نابێت بەندەکانی کوفر بکەن، وخراپەکاری وتاوانی خۆش ناوێت، وبەندەکان لە ڕاستی وهەقیقەتدا کردەوەکان جێبەجێ دەکەن وخوای گەورە کردەوەکانی دروست کردووە، وبەندەکان توانای زاڵبوونیان هەیە بەسەر کردەوەکانیان و ویستیان هەیە لەسەر ئەنجامدانیان -واتە: بە زۆر وناچاری ئەنجامی نادەن-، وخوای گەورە خوڵقێنەریانە وخوڵقێنەری توانا و ویستیانە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ (81) وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ (82)} [التكوير] واتە: {بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێت بە ڕێگای ڕاستدا بڕۆن لە ئێوە (81) ویستی ئێوەش نایەتە دی مەگەر کاتێک پەروەردگاری هەموو جیهان بیەوێت (82)}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8302